کوردستان ئایندەی گەش و ڕێگای پڕ لەمپەر

عومەر شەریف

١-٢

وا خەریکە ساڵێکی تر دەچێتە سەر لە تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو حکومەتەی بە درێژایی شانزە ساڵی رابردوو رێگە پڕبوو لە تەنگ و چەڵەمەی جۆراوجۆر، هەرچەندە توانیویەتی تا ئێستا بمێنێتەوە و خۆی رابگرێ وەلێ ئەو خۆ راگرتنە باجی قورسی هەبووە، زۆر تەگەرە و گرفتی بۆ هاتووەتە پێش و بۆ هێنراوەتە ئاراوە، ئەزموونی حوکمداریتی و بەڕێوە بردنی هەرێمێکی وەک کوردستان نەک تەنها بۆ کورد بەڵکو لە ناوچەکە و جیهان کەم وێنەیە، پێگەی جوگرافی کوردستانیش کەوتووەتە شوێنێکەوە ئەوەندەی تر ئاڵۆزی دەخاتە پێش بەردەوامی و سەرکەوتنی، رۆژگاری داهاتوو وەرەقە شاراوەکان زیاتر دەردەخەن کەچی کراوە بۆ ئەوەی کوردستان نەتوانێ رووی مەدەنیانە و دیموکراتیانەی خۆی پیشانی جیهان بدات و لە سەر پێی خۆی بوەستێ و دوور لە دەست تێوەردانی دەرەکی وا بەستەبوون، ئەم ساڵیش کەوا خەریکە ماڵئاوایی دەکات دەکرێ بەساڵێکی پڕ چالاکی و جۆری و جیاواز تەماشای بکەین.

یەک ئیدارە.. یەک پەرلەمان

سەرکەوتنی ئەزموونی کوردستان لە رووی ئیدارە و بەڕێوەبردنەوە بۆ خۆی ئەرکێکی هێندە قورسە کە ناکرێ نکوڵی لێ بکرێ، سەرەڕای ئاوەدانی و خزمەتگوزاری و موچە و پەروەردە و ئەمن و ئاسایش، پشتگیریی لە ئازادی و ئازادی رادەربڕین و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و رێکخراوە مەدەنییەکان لە هەردوو ئیدارەی پێشوو کراوە، کەچی لە ناوخۆی شەقامی کوردی و دۆستەکانمان لە دەرەوە تانەی ئەوەمان لێ دەدرا کە کورد ناتوانێت یەکتری قبوڵ بکات و بەرگەی شنەبای دیموکراسی و ئازادی ناگرێت ؟!

ناحەزانی کوردستانیش زۆر لەوە گەورەتر دەیانڕوانیە ئەزموونەکە و تەشهیریان پێ دەکرد، سەیر لەوە بوو لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی کوردستان مامەڵەی ئاساییان دەکرد و دەیانوت ئەوەی پشتگیری بێت لە کوردی دەکەین کەچی چاویان بەوە هەڵ نەدەهات کەناوی پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان بهێنن، هەرچەندە بەڕای کۆمەڵێک دڵسۆز و خەڵکی نیشتمان پەروەر، رێککەوتن و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم و چووەنە پێشەوەی وەکو یەک گرووپی کار کردن درەنگ هات، بەڵام کارێک بوو دەبوو زۆر پێشتر بکرایە و بە نەهاتنەدی هەڕەشەی تەواو لە سەر مانەوەی کوردستان و دابین کردنی مافەکانی دەهاتە سەر ، ئێستاشی پێوەبێت ناوە ناوە گوێمان لەو دەنگە دەبێت کە بۆچی هەندێ وەزارەت یەکیان نەگرتووەتەوە ؟! ئەم پرسیارە دەیان گومان و تێبینی لەپاڵ خۆیدا حەشار دەدات، دەبی لەئایندەی نزیک ئەوەش نەهێڵرێت. مرۆڤ ئەگەر بەوردی تەماشای بکات دەستی لە یەکگرتنەوەی حکومەت و پەرلەماندا چەند دەستکەوت و کاری زۆر ئەرێنی کراوە بۆ کوردستان ئیتر بۆ هەنگاوی یەکگرتنەوەی تەواوی بەدوادا نایەت ؟! چونکە ئەوە داخوازی کوردستانیانە لە ناوخۆ و دەرەوە بە گشتی، هەردەبێ ئەوەش روو بدات، چونکە ئاماژەکانی داهاتووی ئەم هەرێمە لەگەڵ هەر پێشەوە چوونێکی زیاتر ئەگەری تەنگ و چەڵەمەی زیاتر دەخاتە روو.

کورد لە بەغدا...

بیر و ئەقڵیەتی عەرەبە ناسیۆنالیزمەکان لە ئێراق و دەرەوەش هێشتا مەستی تاک ڕەوی دەسەڵات و دەست بەسەردا گرتنی داهات و تەخشان و پەخشان کردنی خێر و بێری وڵاتێکی وەکو ئێراق بەری نەداون، بەداخەوە ئەوەی کورد کردی بۆ مانەوەی ئەم قەوارەیە کە پێی دەڵێن ئێراق وەکو پێویست رێزی لێ نەگیرا، بەڵکو دژایەتی زۆری کوردستانیش کراو دەکرێ، دوای پرۆسەی ئازادی ئێراق شتێک نەما ناوی حکومەت و ئیدارە بێت لە ئێراق سەرەرای ئەوەی کورد زیاتر لە دوانزە ساڵە لە ئێراق دابڕا بوو تەنانەت یەک فەرمانبەریشی لە ناوەند مووچەی وەرنەدەگرت، کەچی خوایشتانە و بێ هیچ زۆر و زەبەنگێک گەڕایەوە بۆ بەغدا و وەک دەڵێن سفرەکەمان کردەوە بەیەک لەگەڵیاندا، نەک تەنها هەر ئەوە بگرە هاوکارێکی زۆر کاراو باش بووین لەیەک خستنی دەنگە نەیارەکان و هاندانیان بۆ دیموکراتی و ئازادی و وەڵانانی تۆڵەکردنەوە و بیری تایفەگەری و مەزهەبی و توند و تیژی، بەپێی داپیانانی هەموو لایەک و ئەو بەڵگەنامانەشی کە بڵاو کراونەتەوە، لە دوای روخانی بەغداوە ئێراقی عەرەبی خوێنێکی زۆری لەبەر چووە، بەداخەوە ئەوەش زیاتر بەدەست خودی ئێراقیەکان خۆیان بووە و تەنها لەبەر ناو و ناسنامە و باوەڕی مەزهەبی و تایەفەگەری و... هتد..، وەک ئاماژەمان پێدا کورد لەبەغدا سەربەرزانە ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند چ لە پەرلەمان و چ لە حکومەت و پۆستەکانی تریش وەکو یەک گرووپ کاریان بۆ بەرژەوەندی کوردستان و کورد کردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی تری گفتوگۆی شارستانیانە و دیموکراتیانەیە کە لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت، ئەمانەش وایان کردووە ئەو دەنگانە بەرز بێتەوە کەحەز دەکەن ئێراق وەکو کوردستان لێ بکەن، ناکرێ بڵێن ئەو پۆست و دەسەڵاتەی ئێستا لەبەغدا بە کورد دراوە هەموو مافەکانی کوردە لەسەر ناوەند، بەڵام بۆ ئێستا و ئایندەش دەکرێ بەچاوی پڕ بایەخ و دەستکەوتەوە تەماشای بکرێت و پەرەی پێبدرێت، بۆ نموونە ئەڵێم تا ئێستاش دەنگانێک هەیە باس لەوە دەکەن ئێراق دەوڵەتێکی عەرەبییە ! بەڵام هەر زوو ئەو دەنگەیان خۆی دەخواتەوە کە دەبینن سەرۆکی کۆمار و وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆک وەزیرانی و پەرلەمان و هتد... هی کوردە وکوردن، مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵێت لەناوەند و نەخاسمە لەبەغدا لە بارودۆخێکی وادا بۆ خۆی هونەرێکە دەبێ سەرەڕای کەم و کورتیەکان دەست خۆشی و پشتگیری لێ بکرێ، پرسە ئاڵۆزەکان لەگرین زوون هێندە زۆرن ئاسان نیە دەربازبوون بە دەست کەوتەوە، ئەو داهات و پارەیەی کە دوینێ هەمووی بەچەک و تەقەمەنی و جاش، ماڵ وحاڵی کوردی پێ وێران دەکرا و بەهەدەر دەدرا لە کوردستان، ئەمڕۆ لە ئاوەدانکردنەوە و خزمەت گوزاری وبونیات نان و چاکسازی ژێرخان خەرج دەکرێت.

دیپلۆماسیەتی سەرکەوتووی کورد

لەچەند ساڵی رابردوودا تانەی ئەوە لە کورد دەدرا کە لە زمانی چەک و شەڕ کردن بەولاوە هیچی تر نازانێت، راستیەکەیشی وا نەبوو، هەرگیز کورد نەچووەتە سەرماڵی کەس و شەڕی نەکردووە بەڵکو شەر و شەڕکەران دەرماڵیان پێ گرتووە و کورد هەموو کات لە هەڵوێستی بەرگری بووە لە خاک و شەرەفی خۆی، بەڵام چونکە هەل نەڕەخساوە و بوار نەدراوە ئەو راستیە بگاتە جیهان، بۆیە لەرابردوو توانیویانە لەم کونە باجەوە ئەو بەردەمان تێ بگرن، لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕش و لە سەدەی بیست و بیست و یەکەوە کورد بەپێی توانا و ئیمکانیاتی خۆی دەستی ئاشتی و گفتوگۆی درێژ کردووە، ئەوەی هەنگاوێک هاتووەتە پێشەوە کورد دە هەنگاو چووەتە پێشەوە، بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە بە رێگای دیالۆگ و ئاشتیانە زمانی سەردەمیانە پەنا بۆ چارەسەر ببات، لەگەڵ دۆستان و بڕیار بەدەستەکانیش هەمان رێگای گرتووەتە بەر، لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ وە تا ئازادی ئێراق کورد توانی سەرەرای گشت تەنگ و چەڵەمەکان دەستی ئاشتی و گفتوگۆی خۆی درێژ بکات و هیچ هەنگاوێکی راستەقینەی لەم بوارەدا رەت نەکردووەتەوە، ئیتر لە هەرکاتێکدا بوار رەخسابێت بۆ ئەوەی بتوانێت دەنگی بگاتە ناوەندی ئازاد و بڕیار بەدەست و تروسکاییەک چارەسەر سوود ببینێت لە دبلۆماسیەت و دیالۆگدا بۆ ئەوە درێغی نەکردووە، ئاکامی ئەم بیرکردنەوەیەش بۆ خۆی بەچاک و پڕ دەستکەوت بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە لە دوای پرۆسەی ئازادی ئێراقەوە دبلۆماسیەتی کورد قۆناغێکی تازەی بۆ هاتە پێش کە دەبوو شێلگیرانە تر و بەگوڕوتینێکی ترەوە بۆی بچێتە پێش، چونکە بوار بۆ میدیاکان زیاتر رەخسا لەگشت بوارەکاندا بپێچنەوە و بەدوادا چوون بکەن و ئێراقیش لە بازنەیەکی داخەراوەوە بۆ گۆڕەپانێکی کراوە بکرێتەوە، کوردیش وەکو یاریزانێکی کاریگەر دەبوو رۆڵی خۆی ببینێت. ئەوانەی تا دوێنێ ئامادە بوون لەگەڵ سەرکردەو بەرپرسەکانی ئێمە مامەڵە بکەن و گفتوگۆ بکەن ئەمڕۆ دوای چەسپاندنی هەرێمی کوردستان و دەزگا شەرعیەکانی لە دەستوری ئێراق و دانپێنان بە سیستەمی فیدراڵی هەرێمی کوردستان و مامەڵە کردن لەگەڵ حکومەت و پەرلەمانی کوردستان وەکو دوو دامەزراوەی شەرعی و هەڵبژێردراو هەناسەی هەندێ کەس و لایەنی ناوخۆی (ئێراق) و دەرەوەی تەنگ کردووە و ئێستا خاو بوونەوە لەمامەڵە کردنیاندا هەیە، دبلۆماسیەتی کورد و لێزانینی سەرکردایەتی کورد توانی ئەم هەلە لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە و لەدەست نەدات و خۆی بەچەکی پشوودرێژی و ئارامی زۆر و گفتوگۆی شارستانیانە لەگەڵ پرسەکان مامەڵە بکات، دیارە هەر ئەوانەش وایان کردووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی) بەجلی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی پێشوازی لێ بکرێت. لە ئەورووپا داوەت بکرێت وەکو سەرکردەیەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لە زۆربەی وڵاتان پێشوازی سەرۆکانە و فەرشی سوری بۆ رابخرێت، کورد ئێستا نوێنەرایەتی لە زۆربەی وڵاتان و جێگاکان هەیە بەتایبەت لەئەورووپا و ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتوەکان، تۆڕێکی بەهێز هەیە لەدەرەوە خەریکی دامەزراندن و دروست کردنی لۆبیی کوردییە کەئەمە بۆ خۆی لەداهاتوو رۆڵی زۆر گەورە دەگێڕێت لە پاراستنی کوردستان و دابینکردنی دەستکەوتی سیاسی زیاتر بۆ ئایندەی کوردستان، ئەمساڵیش بۆ خۆی دەرگایەکی تر کرایەوە لە رووی کردنەوەی نوێنەرایەتی و کونسوڵگەری و نوسینگەی وڵاتان و رێکخراوەکان، دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کردنەوەی ئەو هەموو نوێنەراتی و نوسینگانە زۆر بە باشە دەگەرێتەوە لە پاراستنی هەرێمەکەو ئایندەی کوردستان، هاتنی ئەوانە دانپێنانێکی ئاشکرایە بۆ کوردستان و کارتێکی سەوزە بۆ هێنانی سەرمایەی وڵاتان و پەرەپێدانی ئابووری و مامەڵەکردنی سیاسیانە لەگەڵ حکومەتی کوردستان، ئیتر ئەو رۆژەش بەسەر چوو ناحەزانی کوردستان بیانەوێ بە کەیفی خۆیان لە ناومان بەرن و بە بیانووی سەیر و سەمەرە پاکتاومان بکەن، جاران بۆ گەیاندنی راستیەکان سەدان ریگامان دەگرتە بەر بۆ ئەوەی دەنگمان بگاتە دەرەوە، ئێستا وولاتانی بێ لایەن و بڕیار بەدەست خۆیان لە کوردستانن و چاودێری رەوشەکە دەکەن و مامەڵە لە گەڵ حکومەت و پەرلەمان دەکەن.

نەوتی رەش... داهاتووی گەش

بە درێژایی مێژوو کوردستان پڕ خێر و بەرەکەت بووە، یەکەم لانکی مرۆڤایەتی بووە، کوردستان وولاتی ئاشتی و کشتوکاڵ و نیشتەجێ بوون بووە، یەکێک لەو سامانە پڕ بەرەکەت و بە پیتانە ئەو نەوتەیە کە هەمیشە جێگای سەر ئێشە و نەهامەتی بووە بۆ کورد، لەبەر ئەوەی نەتوانین بۆ خزمەت کردنی نیشتیمانەکەی خۆمان ئەو داهات و قازانجە بەکار ببەین وێڕای گۆڕینی دەسەڵێت و حوکمڕانەکان کەچی هەموویان لە لێدانی کورد و بردنی نەوتەکەی یەک دەنگ بوونە، نەک تەنها بەبردنی بەڵکو بە پارەی نەوتی خۆمان قڕ کراوین، لە ناوبراوین و ماڵ وێران کراوین. خۆش بەختانە لەسەرەتای ئەم ساڵەوە خەریکە گرێ کوێرەی بەختی کورد لە نەوتدا دەکرێتەوە ! چونکە لە عێراق بڕیاری دەرهێنان و فرۆشتن و دۆزینەوەی نەوت لە دەستووردا چەسپاندووە، هەر بۆیەش وڵاتان و کۆمپانیاکانی نەوت هەر زوو بەرەو ئەم هەرێمە پڕ خێر و بەرەکەتە کەوتنە رێ، تا دوێنێ دەیان ووت کورد بۆیە داوای گەڕانەوەی کەرکوک دەکات لەبەر نەوتەکەیەتی، ئێستا بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوتووە سەدان بیرە نەوت لە کوردستاندا هەیە، لە زاخۆوە تا دەگاتە خانەقین و گەرمیان نەوت هەیە و دەکرێ بە شێوەی بازرگانی دەر بهێنرێ، نەک تەنها نەوت بگرە ئاسن و بەرد و مس و یۆرانیۆم و.. هتد، بەرێژەی زۆر هەیە.

فاکتەرەکانی ناسەقامگیریی سیاسیی و ئەمنیی لە کەرکووک

ماڤپەروەر شاخەوان عەبدوڵڵا ئەحمەد

ئەگەر سەرنجێکی وردی شاری کەرکووک بدەین لە رووی جوگرافی و پێکهاتەی نەتەوەییی و ئایینیی و تایفییەوە دەبینین هەندێک فاکتەری دەرەکیی و هەندێک فاکتەری ناوخۆیی هەیە، کە هۆکارێکن بۆ ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لە کەرکووک، بۆیە لێرەدا هەریەک لەو دوو فاکتەرە بە وردی تیشکیان دەخەینەسەر:

فاکتەرە ناوخۆییەکانی ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی:

١- دابەش بوونی دانیشتوانی کەرکووک بەسەر چوار نەتەوەی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری، هەریەکە و بە رێژەی خۆی، ئەمەش وایکردووە تەواوی پۆستە ئیداری و ئەمنییەکان لەسەر ئەو بناغەیە دابەش بکرێت، ئەمەش گەورەترین کێشەی دروستکردووە، چونکە بە هۆی باڵادەستیی رژێمی پێشووی بەعس لەم شارە ٩٠٪ عەرەبەکانی کەرکووک و دەوروبەری پۆستی ئەمنی و ئیدارییان دراوەتی، بە مەبەستی سەرکوتکردنی نەتەوەکانی تر، واتە خەڵکانێکی کەم لە نەتەوەی عەرەب بە پاکی ماونەتەوە و دەستیان لە سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی نەبێت لەم شارە، بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە، بۆیە بۆ نموونە ئەگەر لە کۆی (١٠٠٠) پۆلیس لە کەرکووک دابمەزرێت دەبێت بە لای کەمەوە (٢٠٠) تا (٣٠٠) پۆلیس بدرێت بە لیستی عەرەبەکان، کە ئەوانیش ئەو رێژە پاکەیان لە گەنجانی عەرەب دەست ناکەوێت، لەوکاتەدا پەنا دەبەنە بەر هێنانی کۆنە بەعسی و تەنانەت ئەگەر لە دەزگا ئەمنییەکانی رژێمیش کاریان کردبێت، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو رێژە پڕبکەنەوە، کە پێیان سپێردراوە، بەمەش کۆنە بەعسییەکان دەخزێنە ناو دەزگا ئەمنییەکان، کە کۆنە بەعسییەکان پێکهاتەی زۆرینەی گرووپە تیرۆریستییەکانن، نەک تەنها لە کەرکووک، بەڵکو لە سەرانسەری عێراقیش.

٢- لەدەستدانی بەرژەوەندییەکانی پلەدارانی بەعس و هەندێک لەو کەسانەی، کە بەرژەوەندییەکانیان لەم شارە لەگەڵ بەعسییەکان یەکدەگرێتەوە، چونکە پێشتر تەواوی داهاتەکانی ئەم شارە کۆمەڵێک پلەدارانی بەعس لە رووی حزبی و عەسکەری و ئەمنی دەستیان بەسەردا گرتبوو، بەڵام بە ڕووخانی ڕژێمی (سەدام) ئەو بەرژەوەندییانەیان لەدەست دا، بۆیە ئێستا ئەو کەسانە ئەگەر ئەندامێکی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە نەبن، ئەوا بێگومان پشتگیریی تەواویان دەکەن لە رووی کۆمەکی ماددی و ئیعلامییەوە، هەروەها لە رووی پێدانی زانیاری هەواڵگری لەبەر شارەزاییان لەم شارە بە هۆی پۆستەکانیان، کە هەیان بوو لە کەرکووک.

٣- لە رووی جوگرافییەوە ناوچەکانی باشوور و رۆژئاوای کەرکووک هاوسنوورن لەگەڵ ناوچە گەرمەکانی تیرۆر، یاخود پێگەکانی تیرۆریستان لە عێراق وەکو رێگای حەمرین - تکریت، رێگای کەرکووک - حەویجە، رێگای کەرکووک - موسڵ، رێگای کەرکووک - بەغدا. ئەم سنوورە جوگرافییایەش هۆکارێکی ترە بۆ ناسەقامگیری ئەمنی لە کەرکووک، چونکە مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت: (پیاو ئەگەر نزیکی ئاگر بێت پرۆشکیشی پێ دەکەوێت)، ئاشکرایە لای هەمووان ناوچەکانی حەویجە و ڕیاز و عەباسی چیای حەمرین نەک تەنها گرووپە تیرۆریستییەکان بوونیان هەیە لەو ناوچانە، بەڵکو زۆر جار مەشقی سەربازییشیان بەدی دەکرێت و هەندێ جاریش وەکو دەسەڵات خۆیان بە خەڵکی ناوچەکە ناساندووە بە ناوی (دولە العراق الاسلامیە)، کە پێکهاتەی یەکگرتنەوەی گرووپە تیرۆریستییەکانی ناوچەکەیە. دروستبوونی ئەو گرووپە تیرۆریستییانە لەو سنوورە دەگەرێتەوە بۆ ئەو بۆشاییە ئەمنییە، کە هەیە لەو ناوچەیە، چونکە هیچ هێزێکی ئەمنی جێگری لێ نییە، تەنها بۆ پشکنین، یان بۆ ماوەی کاتی نەبێت، کە یەکەسەرناوچەکە بەجێ دەهێڵن. دزەکردنی تیرۆریستانیش لەو ناوچانە بۆ ناو کەرکووک کارێکی زۆر ستەم نییە، چونکە جگە لەوەی ئەو کەسانەی لە بازگەکانی هاتنە ژوورەوەی کەرکووک دانراون پسپۆر نین لە پشکنین و ناسینی هاووڵاتیی گومانلێکراو و پرچەکیش نەکراون بە ئامێری پێشکەوتووی پشکنین، بەمەش چەندین رێگای قاچاخ دروست بووە بۆ دزەکردن بۆ ناو شاری کەرکووک.

٤- دەستتێوەردانی حکوومەتی مەرکەزی لە بڕیارەکانی پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگا وەک ناردنی فەرمانبەر بە شێوەیەکی مەرکەزی و دامەزراندنیان لە بەغداوە و دواتر ڕەوانکردنیان بۆ کەرکووک، ئەمەش لە لایەکەوە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارێگای کەرکووک و لە روویەکی ترەوە بەردەوامیی سیاسەتی تەعریبە لە کەرکووک، چونکە ٩٥٪ ی ئەو دامەزراندنانەی لە بەغداوە دەکرێت بە شێوەیەکی مەرکەزی عەرەبن و بەڵگەش زۆرە لەم بارەیەوە.

٥- هاتنی رێژەیەکی بەرچاو لە عەرەب لە ناوچەکانی بەغدا و دیالە و موسڵ بە شێوەیەکی بەرنامە دارێژرا و ڕەوانەی کەرکووک کراون، باشترین بەڵگە بۆ رۆڵی تێکدەرانەی ئەو خێزانە عەرەبانەی ئەو ناوچانە لە کەرکووک ئەوەیە کەرکووک لەدوای پرۆسەی ئازادی تاکو ناوەراستی ساڵی (٢٠٠٥) وەزعێکی سەقامگیری باشی بە خۆیەوە دەبینی بەڵام بە هاتنی ئەوان بۆ کەرکووک وەزعی ئەمنیی کەرکووک تێکچوو بە ئاقاری نائارامی چونکە ئەوان ئەزموونێکیان هەبوو لە پارێزگای خۆیان بۆ بەگژدا چوونەوەی دام و دەزگاکانی حکوومەتی نوێی عێراق .

هەر چەند هاتنی ئەوان بۆ کەرکووک لەژێر ناوی شەڕی تایفەگەری بوو بەڵام دەبوایە لەلایەن پارێزگاوە رێگەیان پێ نەدرایە و بیانووی یاسایش هەبوو بۆ ئەو رێگە گرتنە کە ئەویش بوونی ماددەی (١٤٠) بوو کە دەبوو بەکار بهێنرایە بۆ ئەوەی کە نابێت هیچ خێزانێکی شارەکانی تر وەربگیرێت لە کەرکووک تاکو یەکلا کردنەوەی ئەو ماددەیە.

٦- دادگای کەرکووکیش فاکتەرێکی تری ناسەقامگیریی ئەمنییە بەوەی دادوەرەکانی کەرکووک رەنگە نەتوانن وەکو پێویست سزای ئەو تاوانبارانە بدەن کە رەوانەی دادگا دەکرێن، بیانووی ئەوانیش بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە کە وەکو پێویست پاسەوانی ناکرێن یاخود ماڵەکانیان لە ناوچە گەرمەکانە لە رووی چالاکیی تیرۆریستییەوە و هەروەها زۆربەی زۆری دادوەرەکانی کەرکووک کە کاری دادوەری دەکەن لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەبێت رۆڵی خۆیان بگێڕن و بگەڕێنەوە کەرکووک و درێژە بە کاری دادوەری بدەن، ئەمەش جێبەجێ گەیاندنی ئەرکێکی نیشتمانییە بەرامبەر شارەکەیان.

فاکتەرە دەرەکییەکان بۆ ناسەقامگیری ئەمنی لە کەرکووک گرنگترنیان ئەمانەن:

١- رۆڵی نێگەتیڤی حکوومەتی تورکیا لە کەرکووک لە رێگای چەند حزبێکی تورکمانی ئەویش بەناو زڕاندنی کورد لە رێگای ڕاگەیاندنەکانیان بەوەی کە لە کەرکووک مافی تورکمانەکان پێشێل دەکرێت لەلایەن کوردەکانەوە ئامانج لەو کارە ئەوەیە کە هەوڵی دواخستنی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) بدەن چونکە بە بۆچوونی دەوڵەتی تورکیا بە جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە کەرکووک دەگەڕێتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان و سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت و مەترسی لەسەر تورکیا دروست دەکات بەوەی کە زیاتر لە (٣٠) ملیۆن کورد لە تورکیا دژێن رەنگە راگەیاندنی سەر بەخۆیی کوردستانیش ببێتە داواکاری کوردەکانی تورکیاش لە ئایندەدا، بۆیە ئەوەی لە توانای تورکیادا هەبێت دەیکات بۆ ئەوەی رێگر بێت لە جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە، بەڵگەش بۆ ئەم راستییە هەڕەشەکانی ئەم دواییەی حکوومەتی تورکیا بۆ بەزاندنی سنووری کوردستان، پەکەکە تەنها بیانو بوو بەڵام لە راستیدا بۆ دواخستنی ماددەی ١٤٠ بوو کە بڕیارە کۆتایی ئەمساڵ بگات بە کۆتا و دورکەوتنەوە لە جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە دەبێتە هۆی زیاتر تێکچوونی باری ئەمنیی شارەکە.

٢- پێکهاتەی کەرکووک وای کردووە کە رێژەیەکی بەرچاوی شیعە لە کەرکووک و دەوروبەری هەبێت کە دابەش بوونە بەسەر هەردوو نەتەوەی عەرەب و تورکمان، بۆیە ئێرانیش بە هەمان بیرکردنەوەی تورکیا لە رێگەی هەندێ لەو رەوتە شیعانە هەوڵ دەدات ئەوەندەی بۆ بکرێت باری نائارامیی شارەکە تێک بدات، ئەویش لە رێگەی ئەو رەوتە شیعانەی کە دژی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ن.

٣- وڵاتە عەرەبییەکان لە رێگەی هەندێک لە عەرەبەکانی کەرکووک و حەویجە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵی شێواندنی باری ئەمنیی کەرکووک دەدەن، چونکە بە بۆچوونی ئەوان لە کاتی پارچە بوونی عێراق، ناوچەی عەرەبی سوننە لە رووی بەرهەمی نەوتەوە لاواز دەبێ، ئەگەر کەرکووک لە چوارچێوەی هەرێمی عەرەبی سوننە نەبێ، بۆیە ئەوەی پێیان بکرێت بەتایبەتی لە رووی پاڵپشتی ماددییەوە دەیکەن بۆ ئەوەی بە جیهانی رابگەیەنن کە کەرکووک بەشێکی دانەبڕاوە لە وڵاتی عێراق و نابێت بڕواتە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوکات ئەو وڵاتانە دەبێت دەست لە عێراقی عەرەبی بشۆن و دان بە دەوڵەتێکی کوردیی بەهێز و دەوڵەمەند بنێن. لە هەمان کاتدا دان بە دەوڵەتێکی شیعەی دەوڵەمەند بە پاڵپشتی هەرێمییەوە بنێن، ئەوەی دەمێنێتەوە ناوچەی عەرەبی سوننەیە کە لە رووی جوگرافی و سامانی سروشتییەوە رەنگە نەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت بەمەش قورساییەکی تر دەکەوێتە سەر وڵاتە عەرەبییەکان. زۆر جار ئاگری ئەوە خۆشکراوە کە شەڕی نەتەوەیی و تایفی لە کەرکووک دروستبێ و کاریشی بۆ کراوە لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمییەوە، بەڵام یەک دەنگی و یەک ریزی نێوان پێکهاتەکانی رەسەنی ئەم شارە و بیرکردنەوەیان بە گیانی نیشتمان پەروەری تەواوی ئەو پیلانانە بە ئاکام نەگەیشتوون.

٤- راستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری ئاوەدانکردنەوە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە کەرکووک بەڵام دەبوایە لایەنێکی گەورەی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) بخەنە ئەستۆی خۆیان چونکە ئەگەر زۆربەی ئەو ئاوارانەی کە لە هەولێر و سلێمانین بیاندوێنین باس لەوە دەکەن کە ئەگەر (١٠) ملیۆن دینارەکەشیان پێ بدەن رەنگە نەتوانن بگەڕێنەوە چونکە بەو بڕە پارەیە ناتوانن خانووی پێ دروست بکەن بەڵام چ پارتی و چ یەکێتی وەکو حزب چ حکوومەتی هەرێم دەیتوانی چەند هەزار خانوویەک بکڕن و دابەش سەر ئەو خانەوادانەی بکەن کە ئێستا لە سلێمانی و هەولێر نیشتەجێن لە بەرامبەر ئەمەشدا گەڕانەوە بۆ کەرکووک بە شێوەیەکی ئیلزامی بوایە بە نسبەت ئەو خێزانانە کە ئەمەش تەکلیفێکی زۆر ناکات، چونکە ئێستا لە کەرکووک خانوو نرخێکی گونجاوی هەیە هیچ خانوویەکی لە باشووری کەرکووک نرخەکەی لە نێوان (٣٠ بۆ ٤٠) هەزار دۆلار تێپەڕ ناکات و حکومەتی هەرێم دەتوانێ ئەو (١٠) هەزار دۆلارەش لەو ئاوارانە وەربگرێت بەرامبەر بەو پارەیە.

بە گشتی بە رەچاو کردن و چارەسەر کردنی ئەو فاکتەرانە بێگومان رەوشی ئەمنی لە کەرکووک بە شێوەیەکی باش دەبێت کە هاوتا بێتەوە لەگەڵ رەوشی ئاسایشی شارەکانی تری کوردستان.